# کرێکاران!

# کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش!

# 26ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵەیە

ڕۆژی کۆمەڵە، ڕۆژی ڕێزگرتن لە تێکۆشانی ئەو ڕێکخراوە کۆمۆنیستیەیە کە بە پشت ئەستووری هێزی کرێکاران و زەحمەتکێشان، بۆ پێکهێنانی ئازادی و بەرابەری و حکوومەتی کرێکاری خەبات دەکا.

26ی ڕێبەندان، ڕۆژی کۆمەڵە، ڕۆژی ڕێزگرتن لە تێکۆشانی هاوبەشی کۆمەڵە و کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێشی وشیاری کوردستانە بۆ وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانی ئینسانی چەوساوە و زۆرلێکراو، بۆ دیفاع لە ماف و ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان، بۆ دیفاع لە ماف ژنانی ستەمدیدە، بۆ دیفاع لە بەڕێوەچوون و ژیانی شیاوی ئینسانی ئەمڕۆ بۆ کۆمەڵانی هەژار و دەستەنگ، بۆ نەهێشتنی هەرچەشنە ستەمێکی نەتەوەیی و مەزهەبی و جینسی و بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی.

کۆمەڵە پشتئەستوور بە هێزی وشیاری و خەباتی کۆڵنەدەرانەی ئێوەیە کە توانیویەتی لە بەرانبەر هەموو دوژمنانی ڕەنگاوڕەنگی ڕزگاریی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا ڕاوەستێ، سەرچاوەی هێز و نفووزی کۆمەڵە و فیداکاری و شانازییەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵە ئێوەن!

بە پەرەپێدانی خەبات و تێکۆشانی خۆتان لەدژی چەوسانەوە و ستەم و بێعەدالەتی، بە وەڕێخستنی ناڕەزایەتیی جەماوەری لە دژی هەرچەشنە سوکایەتی و هەڵاواردن و بێمافییەك و بە بەهێزکردنی هەرچی زیاتری ڕیزەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵە، ڕیزی خەباتی شۆڕشگێڕانە و کۆمۆنیستی لە دژی دەسەڵاتداریێتی زاڵمانە و جینایەتکارانەی کۆماری ئیسلامی و بۆ گەیشتن بە ئازادی و بەرابەری و ئاسوودەیی، پتەوتر بکەن.

## بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری

**کۆمەڵە**

**ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**